# ئافرەتێک شتێک لە ئەقڵیدا هەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، یارمەتی تۆم دەوێت لە شتێکی دیاریکراودا، فەرمووی: ئەی دایکی فلان، هەر ڕێگایەک دیاری بکە کە دەتەوێت؛ بۆئەوەی پێداویستیەکەت بۆ جێبەجێ بکەم

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک شتێک (تێکچوونێکی کەم) لە ئەقڵیدا هەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، یارمەتی تۆم دەوێت لە شتێکی دیاریکراودا، فەرمووی: «ئەی دایکی فلان، هەر ڕێگایەک دیاری بکە کە دەتەوێت؛ بۆئەوەی پێداویستیەکەت بۆ جێبەجێ بکەم»، لە ڕێگایەک لەگەڵیدا وەستا؛ هەتاوەکو (ئافرەتەکە) ئەوەی پێویستی بوو پێی ووت.
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئافرەتێک شتێک ناجێگیریەک وتێکچوونێکی کەم لە ئەقڵیدا هەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، یارمەتی تۆم دەوێت بۆئەوەی پێویستیەکەم بۆ جێبەجێ بکەیت، ئەویش پێی فەرموو: ئەی دایکی فلان، هەر ڕێگایەک دیاری بکە کە دەتەوێت؛ بۆئەوەی منیش لەگەڵ تۆدا بێم پێداویستیەکەت بۆ جێبەجێ بکەم، لە ڕێگایەک کە خەڵکی هاتوچۆی پێدا دەکرد؛ لەگەڵیدا وەستا بۆئەوەی پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ بکات، هەروەکو زانراوە بە تەنها بوونی پیاوێک وئافرەتێکی نامەحرەم حەرامکراوە لە شەریعەتدا، وئەمەی لە فەرموودەکەدا هاتووە بە تەنها بوون نییە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم چونکە شوێنی تێپەڕبوونی خەڵکیە ودەیانبینن، بەڵام قسەکانیان نابیستن، وئەمیش لە سادەیی (تواضع) وڕەحمەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- بەرامبەر بە ئومەتەکەی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10968

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee